# هەرێمی کوردستان و بەغدا لەدووڕێیانی یەکێتی فیدراڵی و کۆنفیدراڵیدا

13-02-2019

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە** : سەرجەم ئەو هەڵوێست و ڕووداوانەی کە لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لەدوای پەسندکردنی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ ڕوویانداوە، دەمانخەنە بەردەم ئەو ڕاستیەی کە هێشتا کێشە و گرفتەکانی نێوان کوردستانییان و بەغدا بەکۆتا نەهاتوون و دەخوازێت کە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت و بەشێوەیەکی زانستیانە ڕێگەچارەی بۆ بدۆزرێتەوە.

د. چواس حەسەن |

سەرجەم ئەو هەڵوێست و ڕووداوانەی کە لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لەدوای پەسندکردنی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ ڕوویانداوە، دەمانخەنە بەردەم ئەو ڕاستیەی کە هێشتا کێشە و گرفتەکانی نێوان کوردستانییان و بەغدا بەکۆتا نەهاتوون و دەخوازێت کە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت و بەشێوەیەکی زانستیانە ڕێگەچارەی بۆ بدۆزرێتەوە. ئەم توێژینەوەیەش لەو چوارچێوەیەدا هەوڵدەدات کە دەستنیشانی سەرچاوەی گرفتەکان بکات و پێشنیاری ڕێگەچارەیەکی زانستیانە بەو ئاراستەیە پێشکەشبکات.

دەبێ پێداچوونەوەیەکی زانستیانە بۆ دیاریکردنی ئەسڵی کێشەکە بکەین و پرسیاربکەین گرفتەکە لەکوێدایە: ئایا فیدراڵیزم شکەستی هێناوە لەعێراق؟ ئایا فیدراڵیزمیش هاوشێوەی ئۆتۆنۆمی فۆرمێکی بەس نییە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی کوردستانییان لەچوارچیوەی عێراقدا؟

ئەم توێژینەوەیە گریمانە دەکات کە شکستهێنانی پرۆژەی بەدیموکراسیکردنی عێراق هۆکارێکە بۆ لەباربردنی فیدراڵیزم وەک فۆرمی ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، بۆیە فۆرمی ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لەسەر بنەمای کۆنفیدراڵی لەبری فۆرمی فیدراڵی، دەبێتە ڕێگەچارەی سەرەکی بۆ کێشەکانی نێوانیان، لانیکەم لەم قۆناغەی ئێستادا....

لینکی تەواوی لێکۆڵینەوەکە:

[پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا](#)